# قوربانیەکانی تاوانەکانی رژێمی گومڕای سوریا لە فرۆکەخانەی بەغدا





دو منالٌ لە وانەی لە ئەنجامی کردارە نایەسندانەکەی رژێمی تاوانباری سوریادا بونەتە قوربانی





خوشك و برایەك ئایا گوناهی ئەمانە چیە ؟

منالێك کە بەهۆی تەقینەوەکەوە چاوەکانی کوێر بوە

منالە وردە بێ تاوانەکانمان ٠٠ منالی ئەم تەلەمان ٠٠ بە کوڵ ئەگریان و قسوڵ هەنیسکیان ئەدا ، کاتێ ئیوارەی ١٥ی ئەم مانگە لە ئەلەفزیونا هاوری منالەکانیان ئەبینی هەمو دەم و چاویان برین و خوێنە ٠٠ برینی قوڵ و بەکار لە ئەنجامی ئەو تاوانە پڕ لە شەرمەزاریەی رژێمی سوریای ئەلقە لەگوێ نواندی ٠٠ ئەری ئەبێ ئێمە چیان پێ بڵێین ؟ دووڕۆژی کە چی بە منالان بڵێین ؟ ئایا ئەبێ پێیان بڵێین ئەو کردارەی رژێمی سوریا کردی ئەوپەڕی رەوشت بەرزی و پیاوەتی و ئازایەتیە ؟ یا ئەبێ پێیان بڵێین ئەوەی رژێمی سوریا کردی لە رەوشتی خاینان و پیلان گێڕان و سەرشۆڕ و کەسانی بێ ئابڕو ئەوە شێتەوە ؟ ئەمەتان بۆ ئەنوسم بۆ ئەوەی بیرتان خەمەوە ، ئەگەرچی ئەوەش باش ئەزانم ئاگادار کردنەوەی ئێوە و مانان هیچ سودی نیە و بێکەڵکە ٠٠ بەڵام نوسین هیچ زیانێ نادا ٠٠ ئەو باسەی ئەمەوی بیکەم ٠٠ ئەو تاوانە ئەڵۆزو ئەوجارە رق ئەستورەیە کە لە فرۆکەخانەی بەغدای دەولی کردتان ٠٠

باسی سوکی و نزمی تاوانەکەتان ناکەین ٠٠ وە باسی ئەو ترس و تۆقاندنەش ناکەین کە خستانە دڵی منالان و ژنانەوە چونکە ئەوە توسقالێکیش ئەوەندە مردوە بۆ کەئەی ئێوە نابزوێنێ ٠٠ پێش ژنان و منالانی بەغدا ٠٠ منالانی لبنان و فەلەستین و ژنانیان بو بەڵام ئەو تۆڵەیەی کەلەکەمان لێتانی ئەکاتەوە باسی ئەوەتان بۆ ئەنوسم !! ئەوانەی لەو فرۆکەخانەیەدا کوژران و بریندار کران زۆر بوەژن و هەتیوی تیابو داوای تۆڵەکردنەوەی خوێنتان لێ ئەکەن ٠ لەو رۆژەوە ئەو تۆڵەیە قەرزارن کە باوك و براکانیان بەخوێنی خۆیان بەرزایەکانی سوریایان ئاودا ٠٠ ئەو رۆژەی وا ئەتان بەچاك زانی کە بە زایونیزمەکانی بفرۆشن ئا لەو رۆژانەدا ٠٠ کاتێ زایونیزمەکان ئەوەندەیان نەمابو بێ بنێنە ناو دیمەشقەوە پیاوان ئالێرەوە کەوتنەخۆ ٠٠ لە بەغدای شۆڕشەوە پێشکەوتنیان لەگەڵ کاتدا ئەکرد بۆ ئەوەی زووتر بگەنە دیمەشق بۆ ئەوەی گیان و دڵی خوێیان بکەنە چیایەك بەروی زایونیزمەکاندا ٠٠ وە لە راستیشدا توانیان وا بکەن ٠٠ دیمەشقیان لە مەترسی داگیر کردن قوتارکرد لە کاتێکا ئێوە کەلوپەلەکانتان کۆئەکردەوە بۆ ئەوەی وەك مشکی خۆری هەڵێن ٠٠

پیاوان راپەرین بۆ ئەوەی بە لەشو گیانی خوێیان ئامانجەکانی ئێوە وەدی بهێنن ٠٠ بەڵام ئێوە هیچ گوێتان نەدایە ئەو هەمو خوێن و قوربانی و هەوای گەشی داوارۆژ ٠٠ بەوەشەوە رانەوەستان ، بەڵکو لە ناپیاوی خۆتاندا هەر بەردەوام بون و ئەم کارەی فرۆکەخانەتان دوا تاوانی پڕ سەرشۆڕی و شەرمەزاریتان نابێت ٠

ئەمڕۆکەش ٠٠ کاتێ شەهیدەکان لەخوێنا ئەگەوزێن و منالەکانی بەغدا و فەلەستین و لبنان و سوریا لەسەختی تاوانەکەتان ئەنالێنن خەوی شەوو رۆژتان لێتاڵ ئەکەن ، دوای ئەوەی گەلەکەمان بەدواتاندا ئەگەڕێ بەهۆی ئەو هەمو تاوانەی لێتان کردوە ٠٠

تۆڵە لێ کردنەوەتان بوەتە داوا کاری و خواستی هەمو منالانمان ٠٠ لەناو بردنیشتان شتێکی پێویستە ٠

سبەینێ کەرۆژ تیشکی زێرینی بەسەر سوریای خۆشەویستا پەخش کرد ، شەهیدەکان لەخۆشیدا ئەکەونە سەماکردن ، منالان سرودی بەعس و قوربانی و رزگاری ئەڵێن و ئەڵێنەوە ٠٠

ئێمەش بەبێ وەستان و بەهەمو منالانمان ئەڵێین :

شۆڕش سەرئەکەوێت ٠٠ مرۆڤمان سەرئەکەوێت ٠٠ ئەی منالینە لەگەڵ ئەو هەمو برینوزامەتاندا ئێوەش سەرئەکەون پێکەوە بەهێز ئەبین بەهێز ٠٠







چەند برینێکی بە ئازار ... ئایا رژێمی گومڕا چی ئەوێ ؟

شوێنەواری وێرانەکانی ناو هۆڵەکانی فرۆکەخانەی دەوڵەتان لە بەغدا

Institut Kurde de Paris

